# ئوتێلە یەکەمەکانی جیهان

نا: سیروان شلماشی

**١-بەرزترین هوتێلی جیهان**

هوتێلی (تاوەری عەرەب) بە بەرزی ٣٢١ مەتر تاکو ئێستا بەرزترین هوتێلی جیهانە، هوتێلی حەوت ئەستێرە لە لایەن



کۆمپانیای رۆز بەدووری ٢٨٠ مەتر لەناو دەریـادا و لە دوورگەیەکی دەستکرد لەشاری -دوبەی- دروستکراوە. ژووری گــەورە بــە کـەلـوپـەلی زۆر بــە نـرخ رازاونەتەوە، سۆپەرمارکێتی جۆراوجۆر، شوێنی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەر، خزمەتگوزارییە تایبەتیەکانی ئەم هوتێلە لەگەڵ بەرزاییەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ریزی یەکەمی هوتێلەکانی جیهان دابێ.

**٢- گەورەترین هوتێلی جیهان لە رووری ژمارەی ژوورەکانەوە**

هوتێلی (پالاتزۆی لاس ڤیگاس) لە



هەشت ژوور لە خۆ دەگرێ. ژمارەیەکی زۆر رێـسـتـۆرانـت، سۆپەرمارکێتی جـۆراوجـۆری پـۆشـاك و خـــوراردن و خــواردنــەوە، حــەوت حــەوزی مەلە و ساوناو.....هتد، ئەو هوتێلەی والێکردووە وەك شارێکی بچووك بێتە بەر چاو.

**٣- کۆنترین هوتێلی جیهان**

هوتێلی (هـۆش ریـۆتـان) لە شاری کۆماتسۆی ژاپۆن بە تەمەنی درێژی ١٣٠٠ ساڵەوە کۆنترین هوتێلی جیهانە، هوتێلێك بە ســەد ژوورەوە کە تاکو ئێستاش ستایلی مێژوویی خۆی پاراستووە.



**٤- پر خەرجترین هوتێلی جیهان**

هوتێلی (ئـەمـارات) یـان کۆشکی ئەماراتی ئەبوزەبی کە لە ساڵی ٢٠٠٥وە دەستبەکاربووە. بڕی پارەی تێچوو بۆ دروستکردنی ئـەم هوتێلە ٣ ملیارد



دۆلارە، کە بە پرخەرجترین هوتێلی جیهان ناسراوە، چوار دەوری ئەم هوتێلە بە زێـرو زیـو نەخشاوەو بە چلچرای هەزارو دوو شانەیی لە جۆری کریستاڵ چوار دەوری هوتێلەکەی رازاندۆتەوە.

**٥- بەنرخترین ژووری_ هوتێلی جیهان**

نرخی ٥٠ هەزار دۆلار بۆ یەك شەو مانەوە لە -رۆیاڵ ڤێلا- لە کۆمەڵگای - لاگوسیتی ئەسینا- لە یۆنان بەنرخترین







ژوور یان سویتی گەشتوگوزاریی لە جیهاندا. دیمەنی جوانی دەریای ئیژە، بوونی سیستەمی ماساژی ئاوی، حەوزی تایبەت لە ژوورەکانداو...هتد، بیانویەك بۆ نەدانی ئەم پارەیە بۆ میوانەکان ناهێڵێتەوە.

**٦- گەورەترین ژووری_هوتێلی جیهان**

رۆیاڵ سویت، ژوورێك بە شەش قات و رووبـەری هەشت هـەزار مەتری چوار گۆشە، گەورەترین ژووری هوتێلی جیهانە کە لە هوتێل -هیڵتۆن برۆمانا- لە لوبنانە،



نیوەی ئەم ژوورە بە مۆبیلات رازاوەتەوە و نیوەکەی دیکەی کە چوار هەزار مەتری چوارگۆشەیە لە دوو حەوزی مەلە و باخ و دارستان و...هتد، پێکهاتووە.

### ٧-ساردترین هوتێلی جیهان

ژووری لە سەهۆڵ و بەفر، پەیکەر و کەلوپەلی سەهۆڵی، هوتێل -بۆکاسجارۆی- سویدی کردووە بە ساردترین هوتێلی جیهان. تەنیا ژوورە سەهۆڵییەکان نابێتە



پێکهاتەی ئەم هوتێلە، بەڵکو ئەم هوتێلە شوێنی تایبەت بە زەماوەند و کۆبوونەوەشی هەیە و تاکو ئێستا چەندین زەماوەند و کۆبوونەوەی بەخۆوە بینیوە. لە رێستۆرانی ئەم هوتێلەدا خواردنی سویدی و ئاسکیمۆکان بۆ میوانەکان دروست دەکرێت.

### ٨- بەرزترین هوتێلی جیهان لە روانگەی قاتەکانیەوە

هوتێلی (پارك هیات) لە شەنگهای چین بە سەدویەك قات بەرزترین هوتێلی جیهانە لە رووی قاتەوە، دیمەنەکانی ئەم



هوتێلە لە لایەکەوە بە سەر رووباری -هوانگرو- و لە لایەکی دیکەوە بە سەر هێڵی ئاسویی شانگهای دا دەروانێ و لە ناوەندی ناوچەی بازرگانیی -بودانگ- هەڵکەوتووە.

### ٩-بەرزترین هوتێلی جیهان لە ئاست دەریاوە

هوتێلی (ئەڤریست) بە بەرزی زیاتر



لە ٣٨٨٠مەتر لە ئاست دەریاوە لە پارکی نەتەوەیی -ساگاماتای نیپاڵ- هەڵکەوتووە و تەواوی ژوورەکانی ئەم هوتێلە روو بە کێوی ئەڤریستە و تەنیا بە هەلیکۆپتەر دەتوانن بچن بۆ هوتێلەکە.

### ١٠- باشترین هوتێلی گونجاو لە گەڵ ژینگەدا

ئەم هوتێلە لە سەر بنەمای ستانداردە نەگۆڕەکانی گەشتیاریی دروست بووەو لە ١٥ ڤێلای دارستانی پێکهاتووە، لە کۆنترین دارستانە بارانییەکانی جیهان لە ناوچەی -کرینزلەندی ئوستراليا- هەڵکەوتووە. بەکارهێنانی سیستەمی خانەکانی هەتاو، کەڵك وەرگرتن لە گڵۆپی کەم خەرج، هەبوونی کشت وکاڵی ئۆرگانیك لەگەڵ بەرهەمە باشەکانی، هوتێل -دین تری- din tree کردووە بە باشترین هوتێلی گونجاو لەگەڵ ژینگەی جیهان.

